Klawrojna

# نەخشەڕێگای

# دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی

نیعمەت عەبدوڵڵا

لەبڵاوکراوەکانی

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ژمارە (٧)

ناوی کتێب: نەخشەڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی

نووسینی: نیعمەت عەبدوڵڵا

تایپ: راستی محەمەد کەریم

نەخشەسازی و بەرگ: چاپخانەی منارە

چاپ: چاپخانەی منارە – هەولێر

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم – ٢٠١٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٤٤) ساڵی (٢٠١٠)ی پێی دراوە

# بەناوی خودای مەزن

# نەخشە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی

- پێشکەشـە بـە کـۆنگرەی داهـاتووی نەتـەوەیی کوردستان
- دیاریە بۆ نەوەی نوێی نەتەوەیی (N.N.N)

# هەڵسەنگاندن

پرسی نەتەوەیی لێرەوە سەر هەڵدەدات کە هێشتا پێکەوە ژیان لەسەر بنەمای دیموکراتی و شارستانی و مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا سەقامگیر نەبووە، پرسی نەتەوەیی بە هۆی پاشماوەکانی هزر و بیری چەوساندنەوە و داپلۆسین و داخ لە دڵی نەك هەر برەوی هەیە بەڵکو لێرە و لەوێ تەشەنەش دەکات، نەبوونی چاکسازی راستەقینە ململانێکان ناگوازێتەوە بۆ ئاشتەوایی ولێکتێگەیشتن، لەم سۆنگەیە نەتەوە زۆرلێکراوەکان ناچار دەکرێن چەند ڕێگەیەك بگرنەبەر بۆ بەرگری لە بوون و تایبەتمەندییەکانی خۆیان، جارێك بە ڕێگەی یاسایی، سیاسی بەگوێرەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانی un و جاریش هەیە لە ڕێگەی بەرگری نەرێنی (توندوتیژی) بۆ داکۆکی کردن لە خۆیان و نەتەوەی کورد، گەلێکی چل ملیۆنی رەنگە تاکە میللەت

بێ وەك هاوشێوەی خۆی و کەمتریش لەو، هەتا ئێستا بەهۆی چاوبڕین لە سامان و پێگە ئابووریی و جوگرافیەکەی لە ڕێگەی پەیماننامە و ڕێککەوتننامەی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی نێودەوڵەتی لەت و پەتکراوە وەك هاوولاتی پلە دو یان پلە سێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ.

ئەوەی نووسەر لەم نەخشە ڕێگایەدا دەیەوێت دەریبخات ئەوەیە پرسی نەتەوەیی لەم چەرخی بیست و یەکەدا پێویستە لە شێوەی خەباتی تەقلیدی بگۆڕێ بۆ خەباتی شارستانی، رایی گشتی گرەو لەسەر گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە دەکات کە لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێ و واز لەو نەریتە بەسەرچووانە بهێنرێ کە هزری تاك تەنیا حوکم بدات، رۆڵی کۆمەڵ و ئەزموون و زانیاری (معرفە) وەلابنرێ، نەخشە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هەنگاوێکی بوێرانەیە و گرنگیەکی مێژوویی و یاسایی و سیاسی و ئاییندەی هەیە دوور لە ئامۆژگاری، لە سۆز، ئەم نەخشە ڕێگایە بیرکردنەوەی بەناخدا شۆڕبوەتەوە چونکە پێ دەچێ ئەوەندە هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرابێ تاکوو

لای نوسەر بیرۆکەکە گەڵاڵە بووە و دووایش ڕێگای مژدەی لێکەوتووتەوە کە ڕووبەرووی گەل دەکرێتەوە.

لەڕوانگەی ئەم چەند سەرنج و بۆچوونانەی سەرەوە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان وەك پشتگیری لە نەخشە ڕێگاکە و دەستخۆشیش لە نووسەر دەکات، بەو هیوایە وەك پرۆژەی نەتەوەیی وەربگیرێ، چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و کوردستانیان پێشوازیەکی گەرمی لێ بکەن، ئەم ڕێگایەش چ دوور بێ یا نزیك ڕێگای هەزار میل بە میلێك دەستپێدەکات .

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

٣١ / ٣ / ٢٠١٠

# پێشەکی

لووتکەی گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەر نەتەوەیەك دامەزراندنی دەوڵەتە وەك قەوارەیەکی سیاسی، یاسایی، ئابووری، کلتووری. هەمیشە سەرکردایەتی کوردستان لە دانوستانەکانیدا چ لە کاتی شۆڕش و چ لە کاتی ئاشتیدا بۆ تاقە جارێکیش پرسی دەوڵەت و سەربەخۆیی نەك هەر باسی نەکردووە بەڵکو شانازیشی بەوە کردووە کە داوای لەم جۆرەی نەهێناوەتە گۆڕێ. لەم نێوانەشدا خۆشباوەڕیی بە سەریدا زاڵ بووە برا بچووکی هەڵبژاردووە وەرگرتنی پلە و پایەی بە چەندین مافی بنەڕەتی گۆڕیوەتەوە، هەر چەند ئەوەی بەدەستهاتوون گرنگ و پر بایەخن، بۆیە ئەمە وایکردووە باسکردنی دەوڵەتی کوردی کورد لەلای خۆشی و دۆستانەکان و بەرامبەرەکانیشی بە دۆخێکی هەستیار و

مەترسیدار و ناواقیعی بزانێ گرفتەکە لێرەدایە چونکە دەبێ کورد هەم خۆی بە پرسی دەوڵەتی کوردی رابهێنێت و قایل بکات هەم بەرامبەرەکانیشی. ئایا دەکرێ بە شەرم و گومانەوە هەتا هەتایە بڕوانینە ئەم ئاواتە لە مێژینەی گەلەکەمان، تاکەی چاوەڕێی بارودۆخی گونجاو بکرێ باشتر ئەوەیە بخولقێنرێ. خەباتی زیاتر لە سەدەیەك و ئەو هەموو قوربانیدانەی دەیان هەزار شەهید و ١٨٢ هەزار ئەنفال و ٥٠٠٠ هەزار قوربانی چەکی کیمیاوی و پەیڕەوکردنی بەرنامەی جینۆسایدکردنی خاك و مرۆڤی نیشتمانەکەمان و سەرەڕای هەبوونی کەرەستە و بنەمای پێداویستیەکانی بوون بە دەوڵەت، ئایا ئەمە ناهێنی کوردستان شایەنی دەوڵەت بێ؟

ئەگەر پێداگری لەسەر بە ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری و جاڕدانی کاری هەرەوەرزی و سارێژکردنی دەردەکورد (ناکۆکی و یەکتر قبوڵنەکردن) بکرێت هەروەها نەوەکانی ئەمڕۆ و ئایندەش لە کوردستانی گەورە ئامانجی ئەم نەخشە ڕێگایە بکەن بە بەشێك لە خەمی خۆیان ئەوا دوو هێزی کاریگەر دروست دەبێت

یـــەکیان ئـــیرادە ئـــەویتریان زیندووکردنـــەوەی چـــەمکی ڕەســـەنی کوردایـــەتی، ئـــەو کاتـــە مـــژدەی ئـــازادی نزیـــك دەبێتەوە بە مەرجێ ناکۆکی و ڕق و کینە لە ژێر دوو بەرد دابنریت.

ئیدی پشت بـەخواو بـە گـەل سـەرکەوتن نزیـك دەبێتـەوە ئەگەر بیر لە یەکێتی و یەك ئیرادەیی بکرێتەوە.

**گەردێ هەبوا مە ئیتفاقەك**

**ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەك**

**تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت**

**تەحسیل دکر مە علم و حکمەت**

**(ئەحمەدی خانی)**

**نیعمەت عەبدوڵڵا**

**٢ی ڕێبەندانی ٢٧٠٩**

nexsherega@yahoo.com

٢٠١٠/١/٢٢

# روونکردنەوەکان

## یەکەم :-

جارێ پێویستە لە ووشیاری نەتەوەیی بگەین بۆ ئەوەی نەبادا بەهەڵە لەیەکتری حاڵی بین، ئەم ووشیاریە بەرپرسیاری هەر تاکێکە بەرامبەر بەنەتەوەکەی لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، مێژوویی، کلتووری پەیوەست بوونە بە یەکتری بەکورتی ئاوێتە بوونە بەبەرژەوەندی نەتەوەیی.

مەبەست لە خەباتی نەتەوەیی ڕەگەز پەرستی نیە بەڵکوو ئامانج لەو خەباتە یەکسانی یە لە ئەرك و مافەکان لەویست و خواستەکان لەچارەی خۆ نووسین بەشێوازی دیموکراتیانە و شارستانیانە دوور لە کینە و رکابەری و و

زەبرو زەنگ.

گەلی کورد یەکێکە لەو میللەتە دەگمەنانەی کەوا لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکیش تێ دەپەڕێ سەرەرای ئەو وەرچەرخانە گەورانە گۆڕانێکی ئەوتۆ بەرەو یەکلاکەرەوەی کێشەکەی لەئارادا نیە هێشتا ووشەی کوردستان بە گوناه دەزانرێ، گەلەکەشی بە پلە و دوو و سێ دەژمێردرێ هەرچەند بیەوێ بە گونجاندنێکی شیاویش هەڵسوکەوت بکات لەبری وەڵامێکی درووست چەوساندنەوەو ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی چنیوەتەوە لێرەدا دەبێ هەنگاوەکان بە بیرێکی وورد و بەچاوێکی تیژ بە قەڵەمێکی درشت دابرێژێن تاکەی بە دیار ئازارەکانی باکوور و باشوور و رۆژهەلات و رۆژئاوا دۆش دابمێنین، وەك دەڵێن دینی محمد ﷺ بەئاشکرا خۆشە هێز و توانای نەتەوەیی بەکاربخرێ سەنگی لە خەباتی تەسکی حیزبایەتی و پارچە پارچەیی قورس ترو کاریگەرترە خەباتی نەتەوەیی بکرێ بە ماڵ لەسەر هەموو تاکێکی ئەم گەلە ئەو گەلەی هەموو پێداویستیەکانی قەوارەی سیایی هەیە وەك خاك، زمان، گەل، کەلتوور،

ئابووری) ئیدی با واز لەو ە بهێنرێ برایەتی بە درۆ و یەکسانی نا بەرامبەر ئەم قۆناغە نەگریسە بگوازرێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەکی قوولتر بۆ سووککردنی بارەگرانەکە، عەقلیەتێکی تر بخولقێنرێ ئەویش کارکردن بەهەموو کەرستەکان لە پێناوی مژدەی ئازادی گەل و خاك و وولات وەکو نەتەوەیەك دەبێ قسە بکەین، جێگەی سەرنجە نەتەوە هەیە خاوەنی چەندین دەوڵەت و دەسەلاتە هێشتا خۆی بە مەغدوور دەزانێت کورد وەك نەتەوەیەکی دەیان ملیۆنی هێشتا لەژێر چەپوکیدایە دەبێ خۆی بەچی بزانێ؟ ئەمە تەنیا پرسیارێکە لەخۆمان و لەوان و لە خەڵکی تریش دەکەین.

ئەم نەخشە ڕێگایە خەیاڵ و خەون نیە ئەگەر هیچ سوودێکی نەبێ بۆ گەلی کوردی دیل و زیندانی، بەئاگاهاتنەوەیەکە و باسی ئازادیان بۆ دەکرێ لەبری ئەوەی خەون بە ئازادیەوە ببینن بۆ ئەو ئازادیە دەرفەتی لەبار ڕەخساوە چ لە مێژووی دوور و نزیك چ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ، حوکمڕانی پەیڕەوکردووە، بەلام ئامانج و فەلسەفەکەی بە ئاراستەیەکی سەرلێشێواوی بووە

هەمیشە بە پاشکۆی ڕووداوەکان خۆی شۆڕ کردووتەوە ڕاکە ڕاکی ئەوەندە بۆ خەڵکی تر بووە کەمتر بۆ خۆی بووە کەچی لە چەرخی بیست و یەکدا گەشبینین بەووشیاربوونەوە بۆ ئەوەی گەلی کوردیش بێتە ریزی گەلانی خاوەن ئیرادە.

چ ی گیانلەبەرە بووە بێ ماڵ بێ
دەوڵەت بۆ کوردان بۆچی مەحاڵ بێ
نەبوونی دەوڵەت خەونی ئەوانە
ئیدی ئەم خەونە دەبێ بەتاڵ بێ

## دووەم :-

# هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان

ڕەوشـی کوردسـتان دوو لایـەنی ئـەرێنی و نـەرێنی لـەخۆ دەگرێت هەر چەندە وەك پێویست بە شێوەیەکی ئەوتۆو کاریگـــەریان لەســـەر یـــەکتری نەچـــووەتە ئاســـتی بەرپرسیاریەتی گەییوو شیاو:

١ – بـەرەو پـێش چـوونی خـەبات لـە پێنـاوی ئـازادی و دێموکراسی نەتەوەیی خەریکە قۆناغی شەرم و بێ دەنگی بگوازێتەوە بۆ ئاگایی و بەقسە هاتن، لە هەندێك دەرفەتدا بـۆنی سەربەسـتی و سـەربەخۆیی لێ دێ، لەلایـەکی تـر خەریکـە کـاروانی بـەهێز و بـەتین و هـــزری وورد و ڕۆشـنبیرانە لەمپـەرو گـیرو گرفتـی نـەفامی و نـەزانی و تاریکی ڕێگەی بۆ چۆڵ بکات، یـان لانـی کـەم ڕێگـەی بـۆ خۆش بکات، هەلومەرج تاڕادەیەکی باش ڕەخساوە ئیتر

نۆرەی سەرکەوتن و شاد بوونە بە ئاواتی لە مێژینەی ملیۆنانی گەلەکەمان، کاتی ئەوە هاتووە مێژوو بە غەدرەکانی خۆیدا بچێتەوە کە دەرهەق بەگەلی کوردستانی کردووە لە ڕێزی کۆیلەیی و دیلی دەربچێت و ئازاد بێ، بۆیە نەخشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وئابووری کوردستان ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکدا لەبارترە، ئەگەر بێت و ئاراستەیەکی ژیرانە بکرێ زۆر لە نەهامەتیەکان قەرەبوو دەکرێنەوە، ئەجندەی ئەم نەخشەیە ئەگەر بە ئەجندەی تر نەگۆڕدرێتەوە یان تێکەڵاو نەکرێ، ئەوا بۆ جاری یەکەمە کورد دەتوانێ بڵێ ئێمەش ژمارەیەکین دەبێ بخوێندرێینەوە وەك ئەزموونی باشوور و باکوری کوردستان و ڕەوەندی کوردی لە تاراوگە.

٢ – بارودۆخی سیاسی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەخۆرهەڵاتی (کوردستان) پاشەکشەی بەخۆوە دەبینێ، لاوەزییەکەی و پەرتەوازەیەکەی نەخۆیان یەکتری دەخوێننەوە نەبەرامبەرەکانیشیان دەیانخوێننەوە، ئەمە زیانێکی گەورەیە لە تەواوی پرسی

کورد وەك نەتەوە، ئەم بەرپرسیاریەتیەش دەکەوێتە ئەستۆی پارتە سیاسیەکان و بێ خەمی ئەو هێزانەی کاریگەریان لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەلات هەیە، چ لە باشوور چ لە باکوور جگە هێزی دەرەکی، تەنیا چارەسەری پێش وەخت هەر ئەوەیە کە بەرەیەکی نیشتیمانی پێك بهێنن، لانی کەم پەیامی کوردی درووست بکەن، هۆی ئەم لاوازیەش چەند هۆیەکە لەوانە درەنگ هەستانەوە دوای شکستەکان، پەیڕەوکردنی سیاسەتی توندوتیژی و داپڵۆسینی هێمنانەی حکومەتی ناوەندی، رۆڵی هەرێمی و نێودەولەتیش دەبێ لەبەرچاو بگیرێ، پەرش و بڵاوی چەند هەڵوێستی. ئەمانە وادەکەن هەر هێزێکیش هەبێ کاریگەریەکەی خاو دەبێتەوە و لەکۆمەڵانی خەڵك دوور دەکەوێتەوە.

٣ – خۆرئاوای (کوردستان) لەژێر زەبرو زەنگ و سیاسەتی پشتێنەی سەوز (الحزام الأخضر) تا سالانی دووایی نقەی لە کورد بڕیبوو، بەلام زەمینە خۆش بووە جووڵە جووڵی تێکەوتوەتەوە، کاریگەری باکوور و باشوور خەریکە پرسی کورد لەم وولاتەش سەر هەڵبدات و بچێتە

نێو هاوسەنگەکان بۆیە خەباتی جەماوەری ڕێکخراوەیی لەگەشەسەندن دایە.

٤ – ئەسڵی کێشەکە ((پیلانگێری))

گەڕانەوە بۆ مێژوو واتە تێگەیشتن لە پرسەکەیەو دەبێتە هۆی ئەوەی چۆن هەڵسەنگاندن دەکرێ و چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە، کوردستان وەك چۆن دابەش کراوە ئەو گەلەی کە لەمیراتی دەوڵەتی عوسمانی بێ بەش کرا کوردبوو لەڕووی یاسایی مافی میراتگری ئەگەر پێت نەدرا دەتوانی داوای بکەیتەوە وەك دەڵێن قەرز کۆن دەبێ بەڵام نافەوتێ (ناڕوات) داگیرکەرانیش لە ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانیان جارێکی تر کوردستانیان پارچە پارچە کردووە، هەر لەیەك بەشیش بۆ مەرامی جیا جیا بەکاریان هێناوین، هەمیشە کاری گەورەیان پێ سپێردراوە کەچی تەنیا بە (الخدمات الجليله) بۆیان ئەژمار کردووە، دیاردەکەوێ کەمێژوو ستەمی لە کورد کردووە، کێ خاوەن مێژووە؟ گەل یان کەسەکان؟ دەوڵەتەکان؟ ئەمە وەڵامی دەوێ، کێ وەڵامی دەداتەوە کورد و ئەوان، دیارە سەرەڕای ئەو غەدرە لە مێژینەو

بەردەوامەش، کورد ئەو شانازیەی بۆ ماوەتەوە دەست بەرداری خاك و زمانەکەی نەبووە، ئەمەش رێگای دەرباز بوونە.

٥ – نەبوونی ناوەندێکی بڕیار و لۆبی کوردی ئەو ڕەخنەیەی کە بەردەوام لە کورد دەگیرێ ئەوەیە کە خۆخۆرە، یەکتر قبولّ ناکەن، دۆستایەتی لە شوێنی خۆی بەکار ناهێنێت، پەروەردەی لە ژێر کاریگەری داگیر کەرانە، بەرپرس ڕاوێژ ناکات، کۆمەڵگە بەگشتی چاولێکەریانە ڕەفتار دەکات، ناوبژیوانی دڵسۆز و بە ئەمەکی ناوخۆیی ڕەت دەکەنەوە، سادەو دڵساف و خۆش باوەڕە، بەسەقەتی بیر و باوەڕەکانی وەردەگرێ و بەکاری دەهێنێت.. ئەمانەو زیاتر لەمانەش بووەتە هۆی ئەوەی کە یەکنەگرن و پێکەوە دانەنیشن کۆنگرەی نەتەوەیی نەبەستن، باسی کاروباری خۆیان نەکەن بەرنامەو پلان دانەڕێژن. ئەمەش وا دەکات لێکترازان و دووبەرەکی لێ دەکەوێتەوە کێشەی کورد لەم نێوانە دەدۆرێ.. هەروەها نەتوانرا تاکو ئێستا سەرەڕای دەست ڕۆیشتوییش لۆبی کورد لەدەرەوە (ئەمریکا، ئەوروپا،

چین و وولاتانی عەرەبی .....هتد) دابمەزرێ کە بە گرد بوونەوەی نەتەوەیی و دروست کردنی لۆبیەکە کورد قۆناغی باشتر دەبڕێ، ئەمە بۆ ناکرێ پرسیارێکە وەلامەکەی هەر لەلای کورد خۆیەتی و نۆرەی هەڵوێستی جوامێرانەیە پێداویستیەکانی بۆ دەستەبەر بکرێ.

**کۆڕێ بەستن وەکو هەنگ**
**تەکبیر بکەن بە بێ دەنگ**

(حاجی قادری کۆیی)

## هێڵە سوورەکان :-

- بەهیچ شێوەیەك پەنا نەبردنە بەر شەڕی کورد بە کورد ( برا کوژی ) یان وەك داردەستی ناحەزان و دوژمنان و داگیر کەرانی کوردستان چ ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ.
- پشت تێکردن لە خەباتی ئاشتیانە و دێموکراتیانەی گەلی کوردستان لە هەر پارچەیەك بێت سازش کردن و بێدەنگ بوون لەسەر پرسە نەتەوەیەکان.
- ئاسانکاری نەکردن بۆ هەلی ڕەخساندنی خوێندن و کار و بوارەکانی پێویست.
- هەرەشە کردن لە ئەزموونی باشووری کوردستان و پشتگیری نەکردن لە خەباتی دیموکراتیانەی باکوور و رۆژهەلات و رۆژئاوا.
- وەلانانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕووی خاك و گەل و کەلتور و هەوڵنەدان بۆ یەکخستنی یان نزیك بوونەوەی زمان و پەروەردەی کوردی.. .

- پەنا نە دان بە چالاك وانانی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە وەك هاووڵاتی کوردستان هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا نەکرێ.
- تخون کەوتنی تووند و تیژی پەنا نەبردنە بەر ریفۆرم و گۆڕانکاری بۆ هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتەکانی حیزبی و حکومی و کۆمەڵگە واتا دروست کردنەوەو هەڵگێرانەوەی بۆ ئاستی بەرپرسیاریەتی و ووشیاری درووست کە نەبێتە بار لەسەر ووڵات بەکورتی لە داب و نەریتی گومڕایی بۆ چاکسازی.

سێیەم :-

# پەیمانی سیڤەر

بەدرێـــژایی مێـــژوو ئەوەنـــدەی کێشـــە لەســـەر خـــاکی کوردستان هەبووە ئەوەندە لەسەر کورد وەك کێشـەیەکی نەتـــەوەیی و گـــەلێك نـــەبووە، ململانێـکـان لەســـەر خـاکی کوردستان یەکلابوونەتـەوە ئـەم کێشـانە نـە بـە ویسـت و خواســـتی کـــورد ســـەری هەڵـــداوە نـــە ئەنجامەکەشـــی لەبەرژەوەندی ئەوبووە، کاتێکیش کورد بە دەنـگ هـاتبێ بە مایەی سەریەشە و لادان لـە فـەرمان لـە قەڵـەم دراوە، ئـــەوەی هەمیشـــە لـــە ژیـــانی سیاســـی و کۆمەڵایـــەتی کـوردەواری خـۆی دووبـارە دەکاتـەوە مێـژووە، هەرچـی شکســـت و نەهامـــەتی و کارەســـاتەکان هەیـــە دەخاتـــە ئەستۆی بەرامبەرەکانی بێ ئەوەی هیچ بەرپرسیاریەکیش هەڵبگرێ، سەرەڕای ئەمانەش زۆر کەم پشت بـەخۆی، بـە

تواناکانی، بە وەرگرتنی ئەزموونەکانی دەبەستێ زیاتر ئیتیکالیەو دووبەرەکیە، ئەمە نەخۆشیە (نەخۆشی دەردە کورد)، ئەگەر دەردەکەش زانرا هەقە دەرمانیشی بۆ بدۆزرێتەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی بۆ نموونە دەگمەنە خوێندەوارێکی کورد ناوی (پەیمانی سیڤەر)ی نەبیستبێ دەگمەن تریش لەمە ئەوەیە خوێندنەوەیەکی دروست لەسەر دەقەکانی (سیڤەر) لەبەر دەست نەبێ، تەنیا وا دەزانێ مادەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤) پەیوەندی بە کوردەوە هەیە ئەویش لە (پەیمانی لۆزان) زیندە بەچاڵ کراوە.

مخابن ئەو نەریتەی کە هەمیشە خۆمان لە بەرپرسیارەتی دەکشێینەوە یان ڕا دەکەین ئەوەیە زۆربەی مێژوونووسان و ئەوانەی بەدووادا چوونیان هەیە وەك ئەوەیە کوردایەتی بکەن، ڕاستیەکان و دیکۆمێنت و نهێنی و شاراوەکان بە بەڵگەوە ناخەنە ڕوو بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە کێشە و ناکۆکیەکان و ناچنە ناو بنج و بنەوانی مەسەلە هەستیارەکان کە کورد خۆی هۆکار بووە.

کارەسات لەوەدایە گەلێك ئەگەر مێژووی خۆی لێ

بشێوێنرێ میللەتێکی سەر لێشێواوی لێ دەردەچێ، شانازی و شەرمەزاریەکانی پێ لێك ناکرێتەوە ((نە دەبێتە میراتگری دوێنێ و نە خاوەنی ئایندەیەکی گەش، هەمووی کراوە بە قوربانی کێشە کۆمەڵایەتیەکان پشتا و پشت نەوەکانی میللەتەکەمانی پێ سەرچیغ (سەرەڕۆ) بردووە، کەی دێینەوە هۆش خۆمان، ئەوە چ لە ئێستا زوو تر نیە !) )

ئەوەی کە دەبوایە لە دووای ڕاپەڕنی (١٩٩١) و پێش ڕاپەرینیش بکرێ کاری هەڵسەنگاندن و شرۆڤە و لێکدانەوە و توێژینەوەی زانستی و پلاندانانە سەبارەت بەخۆدا چوونەوە لەسەر هەموو تەوەرەکان بۆ ئەوەی بناغەیەکی پتەو دابڕێژرێ و ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانی پێ دروست بکرێتەوە واتە کۆمەڵگایەکی بڕوا بەخۆبوون نەك چاو لە دەست ئەم و ئەو ئەرکی نیشتیمانیە کە قەلەم ڕەنگینمان، ویژدان پەروەرانمان، رووناکبیران و دەسەڵاتە شەرعیەکانی کوردستان هەڵمەتی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی تر دەست پێ بکەن گۆڕانی پێویست بخرێتە گەڕ، ئەمەش نەخشە ڕێگایەکی پتەوی دەوێ،

ئامادەکاری باشی بۆ بکرێ بزانرێ کێ یە گۆڕانکاری دەکا و لەسەر چی و بۆچی، ئامانجەکە ڕوون بێ بۆ ئەوەی ئەنجامێکی چاکی لێ بکەوێتەوە ئەوسا پێداگرتن لەسەر گۆڕان و ڕیفرۆم و چاکسازی ڕاستە ڕێ دەبێ، ئەگەر بمانەوێ ئەم بەرنامانە ئەنجام بدرێ پێویستی بە کەرستەی باش و زانستی هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێ هەڵس و کەوت لەگەڵ ڕابردوو و ئێستا و ئایندەدا بکرێ.

ڕابردووی هەر نەتەوەیەك بەشێکە لە مێژووی دوور و درێژی خۆی گرنگ ئەویە چۆن لە دەرگای مێژوودا بدرێ، بەکێ و چۆن و ئامانج لەو دەرگا لێدانەش چی یە،

**١. سیڤەر بووە هۆی درووست بوونی چەندین دەوڵەت دەبوایە دەوڵەتی کوردیش دا بمەزرێ.**

**٢. ڕێکەوتنامەی (سیڤەر) هەرچەند هێزی سیاسیی نەماوە بەڵام هێزی یاسایی خۆی لەدەست نەداوە.**

**٣. ئەوە دەردەخات باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لەگەڵ عێراق یەك پارچە نەبووە ئەو کاتەی کە لە دەسەلا تی عوسمانی جیاکراوەتەوە.**

**٤. مەسەلەی کورد چووەتە نێو ڕێکەوتنامەیەکی نێو**

دەوڵەتی.

٥. پڕ چەك كردنی بە بەڵگەنامە و زانیاری وورد، نرخ و بایەخی زۆری هەیە بۆ ئەوانەی بەدوواداچوون دەكەن.

٦. ئەگەر نەخشەی ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەوتی کوردی دابنرێ دەبێ لە سیڤەرەوە دەست پێ بكرێ.

٧. ناسینەوەی ڕەوشت و ئاكار و نەریتی كوردانەمان و كاریگەریی لەسەر چارەنووسی نیشتیمان.

٨. دەركەوتنی دۆستان و ناحەزان.

٩. یەكێك لەو گەلانەی لە میراتی عوسمانی بێ بەشكرا كورد بووە كە هەقێكی شەرعی خۆی هەبوو بۆیە كورد دەتوانێ تا پۆی مولكی خۆی لە ( سیڤەر ) بدۆزێتەوە.

١٠. سیڤەر بنەمایەكی بایەخدارە ئەگەر بێت و كاری لەسەر بكرێ بە دیالۆگ و ڕێگەی چارەسەری لەگەڵ گەلانی دەوروبەر قسە و باسی لەسەر بكرێ وەك پێشینەیەكی بەڵگەداری نێو دەوڵەتیە.

١١. ئەم ڕێكەوتنامەیە لە ڕێگەی ناوەندێكی كاریگەر ( لوبی ) گیانێكی سیاسی و یاسایی و مێژوویی لەبەر بكات تەنیا بۆ مەرامە ئەسڵیەكەی كاری لەسەر بكرێ.

**١٢. ئەوە دەخاتە ڕوو کورد بە پێ ی بناغەکانی سەردەمی سیڤەر هەقی دامەزراندنی دەوڵەتی هەبووە ئەمەش لە دواییدا بە پێ ی یاسای نێو دەوڵەتی (١٩٢٩) مەرجی بە دەوڵەت بوونی ((هەرێم + گەل + دەسەڵاتی سیاسی)) پێناسە کراوە**

**١٣. سیڤەر ئەوە دەردەخات کورد پەرتەوازە بووە هەلێکی گەورەی نەقۆزتوەتەوە هەرچەند خاوەنەکانی (سیڤەر) یش وەك پێویست بۆ مافەکانی کورد هەنگاویان نەناوە.**

سەرەڕای ئەم گرنگیانەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە بەڵام ناوەڕۆکی (سیڤەر) چ لە پێش (لۆزان) و چ لە دووای (لۆزان) لە چوارچێوەی خودی (سیڤەر) نەچوەتە دەرەوە لە ناو دەستوری ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لەسەر دابەشکراوە، مافی دەستوری وەرنەگرتووە دووای چەند ساڵێکی کەم لە دووای (سیڤەر و لۆزان) دیبلۆماسی کوردی رۆڵێکی ئەوتۆی نامینێ مەسەلەی کورد سەرەڕای سەرهەڵدانەوە لە چەند کات و شوێنی جیا جیا وەك مەسەلەیەکی لە بیرکراو لە نێو سیاسەتی نێودەوڵەتی

هەڵپەسێردراوە بە جیدی نەبووە بە ئەجیندەی مەسەلەیەكی نێو دەوڵەتی ڕاستە كورد بە درێژایی سەدەی بیست وازی لە جموجۆڵی بەرگری و سیاسی نەهێناوە بەڵام هەرگیز لە نێو دیبلۆماسی نێو دەوڵەتی گەرم و گوڕی بەخۆیەوە نەبینیووە.

بۆیە سەرەنجام ئەوە گرنگە ئێستا لە دووای خۆسەپاندنی مەسەلەی كورد لە گۆڕەپانەكانی كاركردنی نێو دەوڵەتی دوای كارەساتەكانی ئەنفال و كیمیابارنكردنی خەڵك و خاكەكەی بە تایبەتی دووای بڕیاری (٦٨٨) ساڵی ١٩٩١، هەروەها بەشداریكردنی لە پڕۆسەی ڕزگاركردنی عێراق لە ڕژێمی دیكتاتۆری (٢٠٠٣)، كورد و سنوری كوردستان هاتەوە نێو سیاسەتی نێو دەوڵەتی ی و دیبلۆماسی جیهانی ی و نێو كۆڕ و كۆبوونەوەكانی (un) و ڕێكخراوەكانی، ئێستا ڕۆژی ئەوە هاتوە كە لە (سیڤەر) ڕا دەست پێ بكرێتەوە، پاڵپشتی هەموو ئەو گۆڕنكاریانەی كە لە بەرژەوەندی گەلی كورد دایە ئەم هەوڵەش بێتە دەرفەتی دەسكەوتەكان نەك لە دەست دان.

لەژێر كارتێكردنی كۆنگرەی سیڤەر پڕۆژە یاسای

خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) کوردستانی لێکەوتەوە کەلەدانیشتنی ڕۆژی ١٠ ی شوباتی ١٩٢٢دا ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە گفت و گۆی لەسەر کرا ((بڕوانە گۆڤاری یاسا ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٠٠.

## پڕۆژەی ناوبراو وەك لەهەندێ بەندو بڕگەکانی هاتووە:

١. دامەزراندنی دەزگای ئیداری خودموختاری بۆ خەڵکی کورد گونجاو بێ لەگەڵ ڕێو ڕەسمی نەتەوایەتیان.

٢. هەڵبژاردنی فەرماندارێکی گشتی بۆ ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردن.

٣. پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاَت کە ئەرکە هەمە لایەنەی دەبێ.

٤. دروست کردنی دەزگای قەزایی کوردستان.

٥. ئەنجومەنی نیشتمانی کورد پەیرەوی ناوخۆی هێزی جەندرمە بۆ پاراستنی ئاسایش لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاَت ڕێکدەخات.

٦. تەنیا زمانی تورکی ڕەسمی دەبێت دەتوانرێ لە خوێندنگاکان زمانی کوردی بە کاربهێنرێ و پەرەی پێبدرێ.

٧. ئەنجومەنی نیشتمانی کورد زانکۆیەك دادەمەزرێنێ کە کۆلێژی ماف و پزیشکی تێدابێت.

لەگەڵ چەندین بەند و بڕگەی تر، کەچی نوێنەرانی کورد کە (٧٢) ئەندام پەرلەمان بوون هەندێکیان بە جۆش و خرۆشەوە لە دژی ئەم پڕۆژەیە وەستان، لەلایەکی تریش (ئێدمۆندز) لە موحازەرەیەکدا لە ١٩٦٦/١٠/٢٥ لە لەندەن دەڵێ: پێش کۆنگرەی سیڤەر لە ساڵی ١٩١٨، هاوپەیمانان دانیان بە ئاواتە نەتەوەییەکانی کەمینەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی لە چوار چێوەی خاڵی (١٢) ی دەقیٰ پرەنسیپە جیهانیەکانی سەرۆك ویلسن دانا، کە تێدا هاتووە:

کەمینە نا تورکیەکان لە ناو چوار چێوەی ئیمپراتۆری دەبێ دەرفەتێکی ئازادی ڕاستە قینەی دور لە هەرچەشنە دەستێوەردان و کاریگەری بۆ برەخسێت تاسەر بە خۆیی خۆی بە کار بهێنێ، دەقی مادەی (٢٢) لە بەڵگەنامەی گەلان (عصبە الامم) جەخت بۆ هێنانە دی ئەو دەرفەتە لە رێگەی هێنانەدی سیستەمی ئینتداب دەکات.

ئەم پرانسیپە ئازادانە کۆمەلە شێوەیەکی دیاریکراوی لە پەیمانی سیڤەردا بە بەرداکرا کەلەلایەن هاوپەیمانەکانی

سـەرکەوتوو لـە سـاڵی ١٩٢٠ بـە سـەر (هـادی پاشـا) سەپێنرا، کە ئەمەش سێ دەوڵـەتی عـەرەبی لـە حیجاز و سوریاو عێراق و دەوڵـەتێکی ئەرمـەنی لـە تورکیـای ڕۆژ هەڵاتـدا و هـەروەها دەوڵتێـك بـە نـاوی کوردسـتان لـە ویلایەتـە کوردیـەکانی تورکیـا کـە کوردەکـانی ویلایـەتی موسڵێش مافی چونە پاڵ ئەم دەوڵەتـەیان بـە ئازادیـەکی موتڵەقـەوە (ڕەهـا) هـەبێ دایمـەزرێنن، ئـەو بەیانـەی لـە سەرو بەندی دانوستاندنەکانی لۆزان لـە کـانونی یەکـەمی ١٩٢٢دا لە لایەن حکومەتی خـاوەن شـکۆی بـەریتانی ی و حکومەتی عێراق بڵاو کراوەتەوە لە بەر گرنگی و روونی ی و برینەوەی ((بیان هـام و واضـح و جـازم)) ئێدمۆنـدز لـە موەحازرەکەیدا چەند سەرنجێك لەو بەیانەدا دەخاتە ڕوو.

**١. بەکارهێنانی رستەی حکومەتی کوردی مەودایەکی دوور تری لە ئۆتۆنۆمی لە چوار چێوەی کۆماری عێراقدا هەیە کە ئێستا داخوازیەکی رەسمی کوردەکانە.**

**٢. رستەی لە چوار چێوەی سنورەکانی عێراقـدا لـە بـڕی برگەی ( ئەو کوردانەی لە چوار چێوەی سـنوری ویلایـەتی**

**موسڵی عوسمانیدا دەژین بەکار هاتووە).**

**٣. بانگهێشتی کوردەکان بۆ دیاریکردنی ئەو سنورانەی کە بۆ حکومەتی کوردی بە گونجاو دەزانن.**

لەسەر تەواوی ئەو بەڵێن و بەیاننامە و ڕێکەوتن و کۆنگرانەی بەکورد دراوەو یان کێشەی تاوو توێ کراوە جێگەی داخە ئەمانە زۆربەیان بە خێرایی لەبیر چوونەوە، کەوتنە بەر هەل و مەرجی تەنگژەو هەڵوێستە گەلێکی سەخت لەگەڵ خۆیاندا لوول دران، لە کۆتاییدا ئەمە راستیەکی مێژووییە دابەشکردنی کوردستان بەزۆر سەپێنراوە بەبێ ویست و خواستی گەلەکەی لە ژێر کاریگەری جەنگی جیهانی یەکەم و گۆڕانکاری لە سنورەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی، دەکرێ جارێکی تر ئەم هاوسەنگی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و سووربوونی گەلی کوردستان بەرەو یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورەمان ببات، وەك ئەوەی لە چەندین شوێنی جیهاندا رویاندا، (ڤێتنام، ئەلمانیا) یاخود بە لێکدانەوەیەکی تر هەڵوەشاندنەوەی سنوری ئەو

دەوڵەتانەی کە کوردستانیان لـە سـەر دابەشـکراوە وەکـو لـە یـەکێتی سـۆڤیەتی پێشـو رویـدا یـان لـە یۆغسـلافیا و چەندین وولاتـی تر. هەر کامەیان بێ لە بەرژەوەنـدی گـەلی کوردستاندایە ئەو گەلەی رۆڵی لە مێژوو دا دیارە دەیـەوێ بـە رێگـەی دێمـوکراتی و ئاشـتی ی و دیـالۆگ نەخشـە و ناسنامەی خۆی هەبێ چ زوو چ درەنـگ ئـەو مافـە بـەڕەوا دەزانێ

**ئەو ماددانەی کە لە سیڤەر هاتووە و پەیوەندیان بە کوردستانەوە هەیە بڕوانە (کتێبی خوێندنەوەیەکی تری سیڤەر)**

## بەشی ( سێیەم ):

# کوردستان

ماددەی (٦٢):

لیژنەیەکی سێ قۆڵی پێك دێت بارەگاکەی لە ئەستەمبوڵ دەبێت، ئەو لێژنەیە لەلایەن بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و نوێنەری کورد دروست دەکرێت بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی ئۆتۆنۆمییەکی دەڤەریی بۆ ناوچە کوردییەکان لەدوای شەش مانگ لە مۆرکردنی ئەو پەیماننامەیە، سنوری ئەو ناوچەیەش بریتییە لە رۆژهەڵاتی فورات، و باشوری رۆژئاوای سنوری ئەرمینیا کە لەدوای ئەوەش دیاری دەکرێ، لە سەروی سنوری تورکیا و سوریا و میزۆپۆتامیا کە لە پەرەگرافی (٢)ی ماددەی (٢٧) دەستنیشان کراوە، ئەگەر لەکاتێکیشا ئەو لێژنەیە لە هەر مەسەلەیەك نەگەیشتنە ئەنجامێك ئەوا هەریەکە راپۆرتی

خــۆی لــەو مەســەلەیە دەداتــەوە حکومەتەکــەی، لــەو پڕۆژەیەدا پێویستە ڕەچاوی تەواوی مافەکانی ڕەگــەزی و ئایینی کلدان و ئاشور و کەمایەتییەکانی تری (نەتەوەیی) و (مــەزەبی) بکرێــت لــەنێو ئــەو ســنورەی لــە ســەروو دیاریکرا، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی تری پێکهاتوو لـە بەریتانی و فەڕەنسی و ئیتالی و فارسی و کوردی سەردانی مەیدانی دەکــەن بـۆ هــەر دەســتکارییەك ئەگــەر پێویسـت بکات لە سـنورەکانی تورکیـا، لەبـەر ئـەوەی ئـەو سـنورە لەژێر مەرجەکانی ئەو پەیماننامەیە تا سنوری فارس.

مادده (٦٣):

لەوساتەوە حکومەتی عوسمانی تـورکی پـەیمان دەدا بـە قــایلبوونی بــەو بڕیارانــەی کــە لــە هــەردوو لیژنــەی ئامـاژەپێکراو لـەماددەی (٦٢) هـاتووە وا لـە مـاوەی (٣) مانگیش جێبەجێیان دەکا، لە دوای جاڕدانی.

ماددەی (٦٤):

لـەدوای سـاڵێکی تـر ئەگـەر زۆربـەی گـەلی کـورد کـە لـەو سنورەی لە مـاددەی (٦٢) دیـاریکرا داوای سـەربەخۆییان لە کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامـم) کـردو بیانـەوێ لـە

تورکیا جیاببنەوە، کۆمەڵەی نەتەوەکانیش زانییان ئەوانە دەتوانن ئەو سەربەخۆییە بەڕێوە ببەن و راسپێری بکەن، ئەوە دەبێت تورکیا دانیان پێدا بێنێ و لە هەموو مافەکانی خۆی لەو ناوچانە دەستهەڵگرێ، وردەکاری ئەو دەستهەڵگرتنەش بابەتی ڕێکەوتنێکی تایبەتی دەبێ لەنێوان وڵاتە هەرەگرنگەکانی هاوپەیمانان و تورکیا، ئەوکاتەش هێزە سەرەکیەکانی هاوپەیمانان هیچ ڕێگرییەك ناکەن لە تێکەڵبونێکی ئارەزومەندانەی ئەو بەشە کوردستانەی لە ویلایەتی موسڵە بۆ ئەو دەوڵەتە کوردیە سەربەخۆیەی دروست دەبێ.

---

*سنوری کوردستان بەپێی ماددەی (٦٢) دیاریکرابوو کە دەکاتە خوارووی سنوری تورکیا و ئەرمینیا و ڕۆژهەڵاتی فورات، ئەو سنورەش تاڕادەیەکی زۆر گوزارش لە سنوری راستەقینەی کوردستان دەکات، هەرچەندە بەشێك پێیان وایە ئەو سنورە تەنها کوردستانی سەروو دەگرێتەوەو مەبەستی لە ڕۆژهەڵاتی فورات کوردستانی خوارو

ویلایەتی موسڵ نەبووە، ئەوە بە هیچ جۆرێك ڕاست نیـە، چـونکە زۆر بـەڕوونی باسـی ئـەو سـنورە دەکـات تـا میزۆپۆتامیـای عـەرەبی، ئینجـا لەسـەر ئـەو بنچینەیەش (چەرچـڵ) بروسـکەی بـۆ سـەرکردە عەسـکەرییەکان کـرد لەسەروی بەغداو پێش ئەوەی بگەنە چیای حەمرین، وتـی لـەو سـنورە بەسـەرەوە عێـراق نیـە و کوردسـتانە، هـەر لەسەر هـەمان بنچینە (چەرچـڵ) لـە کۆنگرەی قـاهیرەی ١٩٢١/٣/٢٤ داواکەی برسی کۆکس و مـس بـل و نیلسـۆنی ڕاگـرت سـەبارەت بـە لکانـدنی باشـوری کوردسـتان بـە عێراق، بەپێی ئەو ماددەیەی سیڤەر و بەپێی نەخشەکانی ئیسـلامی و غـەیرە ئیسـلامی و بـەپێی نەخشـەی ویلایەتەکانی عەباسی کە (عێراقـی دیـاریکردووە)، بـەپێی نەخشـەی عوسمـانی ١٨٩٣ بـەپێی گەڕیـدە و (معجـم البلدان، سـیاحەتنامە و ئەنسـیکلۆبیدیای عوسمـانی و زۆر سەرچاوەی تر) ویلایەتی موسڵ و بەسـەدان کیلۆمـەتر لـە خوارووی موسـڵ و کـەرکوك کوردسـتانی بـووە*، لـەدوای

سـیڤەر و لەگـەڵ بەدەوڵـەت نـەبوونی کوردسـتان و بـە دەوڵـەت بـوونی عێـراق و سـوریا و تورکیـا (لەسـەرەتای سەدەی بیست) لەسەردەستی بـەریتانیا و فەڕەنسا و تـا ئیسـتاش ئـەو سـنورەی کوردسـتان هـەروا تەسـك دەکرێتـەوە، وەك ئـەوەی ئیسـتا لـە موسـڵ ڕوودەدا و کەرکوکیش وا کەوتوەتە جێ ناکۆك و ململانێ.

* له قاموس الاعلامـی عوسمـانی دەڵـێ تـەواوی ناوچـەی موسڵ سەر بەهەرێمی کوردسـتانن بـە عەرەبەکانیشـەوە، باسـی ویلایـەتی موسـڵ بـە ویلایـەتی موسڵی کوردسـتان دەکـا، بـاس لـە کـەرکوکیش دەکـا دەڵێ شـارێکی کوردسـتانیە و٤/٣ی کـوردن، ئـەوەی تریشـی تـورك وعەرەبن، ٧٦٠ ئیسرائیلی و٤٦٠کلدانی لێیە.

## چوارەم:-

# کۆنفرانسی زمان و پەروەردەی کوردی

زمـان پێناسـەی سـەرەکی بـوونی نەتەوەیەکـە لەسـەر خـاکێکی دیـاریکراودا دەژی سـەرەڕای هـەبوونی چـەندین زاراوە ((دیالێکـت)) کـورد خـاوەنی زمـانێکی یـەکگرتووە لەرووی هاوبەشی لە مێژووی ووشـەو دارشـتن و رێزمـان و فۆنەتیك سەرەڕای هەندێك جیاوازیش کـە ئەمـە لەهـەموو زمانانی دونیادا هەیە. گرنگیـدان بـەزمانی زگمـاك دەبێتـە هۆی زیندوو

کردنەوەی کەلتوری ڕابردوو هەروەها بنەمایەکی پتەوە بۆ ئەوەی زمانی دایك فێربین و پێشکەوتنی بەسەر دابێت و بیر و بۆ چونەکانی تاکەسی تێدا دروست بێت.

گـــەلی کـــورد ئەگـــەر خـــەباتی بـــەرەنگار بونـــەوەو بەگژداچوونەوەی بەدرێژایی مێژوو دژ بە ئمپراتۆریـەکان و ئمپریالیســتەکان و داگــیر کــەرانی ئــەمرۆش نەکردایــە

بەپاڵپشتی یەکەمیش شاخەکان ئەوا لەمێژ بوو زمانی کورد لە نێو زمانەکانی دەورو پشت دەتوایەوە وەك توانەوەی سەدان زمانی تر لەجیهاندا کەچی دەبینین سەرەڕای دابڕان و دانانی سنووری دەستکرد سوپاس بۆ خوا خاوەنی زمانی یەکگرتووی خۆمانین ئەوەی لێرەدا مەبەستە و گرنگە قسە لەسەر هەبوون یان نەبوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووە، بۆیە خەبات لەم پێناوەدا هێشتا هەر لەسەرەتا دایە سەرەڕای ئەوەش هەنگاوی باش نراوە لە باشوور و ڕۆژهەڵات بەڵام بەهۆی هاتنە پێشەوەی هەندێ زاراوەی تر خەریکە ریسەکە ببێتەوە خوری، واتە ئەوەی کراوە بایەخی کەم بکرێتەوە کێشەکە لەوەدایە ئەگەر هەر ناوچەیەك زاراوەی خۆی قوت بکاتەوە ئەستەمە زمانی ئەدەبی و نووسین دروست بێ بەڵکو مەترسی دەکەوێتە سەر زمانی یەکگرتووش، ئەگەر لێ بگەرێین دوو شێوەی زمانی ئەدەبی لە باشوور و لە باکور کە هەیە نەکەونە بەر ڕکابەری و بەرەو دوورکەوتنەوە لەیەکتری ئەرۆن، ئەوا ڕەنگە بتوانرێ کارێك بکرێ بەرەو درۆست بوونی زمانی ستاندار.

**ئاستەنگەکانی بەردەم زمان بە تایبەتی زمانی فەرمی ( نووسین، ئەدەبی ) بەگشتی بریتی یە لە :**

- **دابەش بوونی کوردستان.**
- **نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی یەکگرتوو (( قەوارە، کیان )).**
- **فرە زاراوە.**
- **دوو رێنوس (( عەرەبی و لاتینی )).**
- **هەڵکەوتەی جوگرافی.**
- **کەمتەر خەمی و خەمساری کورد.**

دەکرێ لە کۆنفرانسێکدا سیاسەتێکی نەرم و بەر پرسیاری و زانستیانە دابرێژرێ بۆ ئەوەی لە ئایندە کاری زیاتری لەسەر بکرێ چونکە مەسەلەی زمان و پەروەردە هی کۆنفراسێك و دووان و سێ یان نی یە ئەمە حوکمی مێژووە دروستی دەکات ئایا پلانی کۆنفراس چیە؟ نەخشە رێگایەك هەیە؟ ئەمە کارێکی هەستیارە تەنیا پلان و بەرنامە بۆی هەیە لەمەر پەروەردە قسەبکات، هەبوونی یان نەبوونی زمانی نووسن کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەروەردە هەیە بەبوونی ئەو فەلسەفە

جیاوازانەی پەروەردە لەتەواوی کوردستان سەری لە منداڵی کورد شێواندووە، بۆیە مەسەلەی زمان و پەروەردە ئەگەر بەئاراستەیەکی دروست نەچێ هەڕەشەیە لەسەر بوونی نەتەوایەتی ئەگەر بێتوو لە باشوور بناغەیەك دابنرێ، بەقازانجی باکوور و ناوچەکانی تریش دەگەڕێتەوە ئەرکی سەرەکی هەر کۆنفراسێکی زمان و پەروەردە لە کوردستان دەکەوێتە ئەستۆی پسپۆران و شارەزایانی ئەم دوو بوارە چونکە ئەوان باشتر لەکێشەو بەربەستەکانی کەدێتە رێی تێ دەگەن ئەمە بەو مانایەش نی یە بەشداری و پێشنیاری کەسانی تر بەهەند وەرنەگیرێ بەتایبەتی پرۆسەی پەروەردە ئەرکی نیشتیمانی هەموو لایەکە تا دەگاتە کەس و کاری قوتابیانی سەرەتایی و خوێندکارانی قۆناغەکانی تریش سەرەڕای کێشە سیاسیەکان و ئابوریەکان و کۆمەڵایەتیەکان هەتا ئێستاش رێژەیەکی بەرچاوی نەخوێندەواران لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری دا بەدی دەکرێ یان لە قۆناغەکانی سەرەتایی واز لەخوێندن دەهێنرێ سەرەڕای پێگەیاندنی مامۆستا، واتە کێ یە

دەبێت بە مامۆستا یەکلایکردنەوەی زمانی نوسین و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و جیاوازی لە نێوان ئاستی خوێندنی شار و گوند لە دووایشدا تێکەڵ کردنی سیاسەت لەسەر فەلسەفەی پەروەردە ئەمانە هەموو ئەو ئەگەرو پێشهاتانەن ڕوو بە ڕووی زمان و پەروەردە دەبنەوەو پێویستی بە چارەسەری پلانی کاتی ی و ستراتیژی هەیە کەبەشێکی.

## ئاوڕێك لە مێژوو:

پشت بە ستن بە بەڵگە زانستیەکانی مێژوو، نکۆڵی لێ ناکرێ کورد لەگەڵ چەندین نەتەوەی تردا لە نیشتمانێکدا دەژین پێی دەگوترێ کوردستان، سەدان ساڵە ئەم ناسنامەی لە کۆڵ داوەو بە حوکمی هەلکەوتەکەی و عەقلیەتەکەی بووتە قووربانی، مێژووش غەدری لێ کردووە.لە چەرخەکانی پێش مێژوو لە دەوروبەری چیای زاگرۆس بوونیان هەبووە جارێ نیشتەجێ جارێ رەوەندو کۆچەری هەمیشە لە هەڵکشان و داکشان سنوورەکانی خۆیان پاراستووە چ سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ لە ژێر دەسەڵاتەکانی بێگانە، کورد ئەگەر بە لەشکرکێشی بۆسەری یان داگیرکردنی هەروا ئاسان نەبووە کە توانرابێ حوکمی لەسەر بکرێ بۆیە مێژوو سەلماندوویەتی لە ڕۆژگارانی ( زەینەفوون ) سومەری و ئاشوریی و بابلی و... تا دەگاتە چەرخی ئیسلام ( ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی ) و ئیمپرالیزمەکان و تا ڕۆژی ئەمڕۆ رووداوەکان شایەدی دەدەن وولاتی کوردان بە زۆر سەری نەهێناوەتە بەر،

ئەگەر خۆی نەیویستایە یان ویستی خۆی نەبایە دەرفەتی بەکەس نەداوە دیلی و زەلیلی و ریسوای قبوول نەکردووە بەڵکوو بە خراپترین شێوە بووە بە بەشێك لەو شەڕوشۆڕانەی ناوچەکەی گرتووەتەوە.

گەلەکۆمە و سادەیی خۆشی نەبوایە ئەمڕۆ کوردستان وولاتێك دەبوو جیهان ئیرەی پێ دەبرد ئەوەی رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە سەدان ساڵ هەولی بۆ بدات مافێکی سرووشتی خۆیانە کە وەکوو نەتەوەکانی تر دەوڵەتیان هەبێ ئەمەش خێرێك نیە پێیان بکرێ بەڵکومافێکی شەرعی یە دەبوایە زۆر لە مێژە پێ ی ببرێ ئێستاش نەچووە و بچێ، کات ودەرفەت لە بارە دەتوانرێ قەرەبووی دەرفەتە لە دەست چووەکان بکرێتەوە هەر تاکێکی کورد وەك فەرزێکی خوایی چی لە دەست دێ بەشداری لەو ئەرکە پیرۆزە بکات ئەمە کاری ساڵ و دوو سالان نیە ئەگەر لە سەرەتای سەدەی بیست کورد بەرنامەیەکی ستراتیژی دانابا ڕەنگە زیاتر لە بیست و پێنج سالی پێویست دەبوو بە گەیشتن بە ئاوات بەلام ئێستا بەهۆی ئەم بارودۆخە لە بارە ڕەنگە کاتەکە

کـەمتری بـویَ، ئـەزموونی گـەلان مـژدە دەرێکـە متمانـە دەدات تـــا رادەیـــەکی زۆر گرەنتـــی دەدات بەمـــەرجیَ لێبڕاوانـــە، بـــیَ دوو دڵـــی، بەیـــەکریزی و ووشـــیارانە، وەسـتایانە، دەسـت لـە نـاو دەسـت، خۆمـان پشـتگیری یەکەمی بەرنامەکە بین و ئیڕادە هەبیَ و خاوەن ئـیرادەش بین، هەولی پەیداکردنی لایەنگیریش پێویستە...

گەلی کوردستان بۆ گێرانەوەی مافی خۆی دەبـیَ بـە دوای هـەر بەڵگـە و سـەنەدێك هـەبێت بگـەڕێت هـەتا ئەگـەر شاهیدێکی زارەکیش بێت،لەو سۆنگەیەوە خاوەنی دەیـان بەڵگەنامەی بەهێزە دەیسەلمێنیَ کە مـافی جـارەنووس و بـوون بـە دەوڵـەتی هەیـە بـەپیَی یاسـای نێودەوڵـەتی و ماددەکانی (١)و(٥٥)ی میساقی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و تا دەگاتە بنـەماکانی مـافی جـارەنووس لـە ١٤ خاڵەکـەی وێلسن و شەریعەتی ئیسلامیش:–

لـە دوای ڕوخـانی دەوڵـەتی میـدیای کـوردی ٦١٢ پ.ز _٥٥٣ پ.ز، لە مێژوودا بەردەوام دەستەڵاتی کوردی ناوە بە ناوە هەبووە.

بـەڵام بەدروسـت بـوونی دوو دەسـتەڵاتی زلهێـزی وەك

ڕۆمانی و ساسانی بەر لەهاتنی ئیسلام، زۆرینەی ناوچە کوردیەکان بە تایبەتی بەشی ڕۆژهەلات و خوارووی کوردستان کەوتنە ژێر دەستەلاتی ساسانی و دوای ڕوخانی ئەم ئیمپراتۆریەتە زلهێزە لەسەر دەستی سوپای ئیسلام ناوچە کوردیەکان بوون بە بەشێك لە دەولتی ئیسلام لە ماوەیەکی کورت و کەمدا واتا لەسالانی ١٦ تا ٣٤ ك بوون بە موسلمان، دوای هاتنی دەولەتی ئەمەوی و ناداد پەروەریەکانیان کورد بوون بە بەشێك لە ئۆپۆزسیۆن و رۆلی کاریگەریان هەبووە لە ڕوخانی دەولەتی ئەمەوی لەسالی ١٣١ ك، چەندین دەستەلاتی کوردیان دامەزراند بەتایبەتی لەسەردەمی بوەیهیەکان و سەلجوقیەکان کە لەو سەردەمە بۆ یەکەمجار لە ڕووی جوگرافی ناوی کوردستان هاتووە لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەهەمی زایینی کە بۆ یەکەم جاریش (مارکۆ پۆلۆ) گەریدەی بەناوبانگی ئیتالی یەکەمین کەسە ناوی کوردستانی تۆمارکردووە بە (کاردستان). (ناوی کورد لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە مێژوودا هاتووە). ئەوان بڕوایان بە حوکمرانی لامەرکەزی بە واتای (فیدرالی) ئەمرۆ

بووە، هەربۆیەش دەبینن نەتەوەکان توانیویانە چەندین دەستەڵاتی خۆجێ ی نیمچە سەربەخۆ درووست بکەن یەکێك لەوانە نەتەوەی کورد بوو. کە زیاتر لە حەوت میرنیشینیان دامەزراند (مەردۆخی دەڵێ)٦٤ دەوڵەت و میرنشینی کوردی هەبووە، لەوانە:

١- میرنیشینی شەدادی کوردی ٩١٥ - ١١٩٨ لە وڵاتی ئاران.

٢- میرنشینی روادی لەبەشی باکوری کوردستانی ڕۆژهەڵات.

٣- میرنشینی شواتکارە لە ناوچەی گەرمیان و بەشی خواروی کوردستان و ڕۆژهەڵات.

٤- میرنشینی هەزبانی لە کوردستان، پێدەشتەکەی شاری هەولێربوو.

٥- میرنشینی دۆستەکی - لە کوردستانی باکور.

٦- دەوڵەتی ئەیوبی و دامەزرێنەکەی (سەلاحەدینی ئەیوبی) کوردی.

بە هاتنی هێزێکی زلهێز کە بە مەغۆلەکان ناودەبرێن نەك هەر دەستەڵاتە کوردیەکان بەڵکو خەلافەتی

عەباسیەکانیشیان لە نێوبرد.

دەستەڵاتی تورکە عوسمانیەکان سەری هەڵداو دوایش دەستەڵاتی سەفەوی و سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان ئەم دوو دەستەڵاتە، دەرئەنجام کوردستان بوو بە گۆڕەپانی شەڕی نێوانیان و کوردستانیان دابەش کرد.

**ئەڤ قولزەمی رۆم و بەحری تاجیك**

**هندی کو بکەن خروج و تەحریك**

**کرمانج دبن ب خون مو لەتەخ**

**وان ژێك ڤە دکەن میسالی بەرزەخ**

(وەك ئەوەی مێژوو خۆی دووبارە کردبێتەوە لە شەڕی نێوان دارا و ئەسکەندەر لە نزیك شاری هەولێر کە لە مێژوو دا بە (معرکه اربیلا) ناسراوە لە ٣٣١ پ.ز)

ڕێککەوتنامەی سوڵتان سلێمانی قانوونی و ٢٣میرنشینی کورد لە ژێر سەرپەرشتی شێخ ئیدریسی بەدلیسی لە ١٥١٤ز.

لە دوای جەنگی چاڵدێران ١٥١٤ ز چەندین ڕێکەوتنیان مۆر کرد لەوانە:

١. پەیمانی زەهاوی یا سەرپیڵی زەهاو – لە

سەرچاوە بە (زوهاب) ناونراوە ١٦٣٩.

٢. پەیمانی ئەرزەڕۆمی یەکەم ١٨٢١.

٣. پەیمانی ئەرزەڕۆمی دووەم ١٨٤٣.

کە دەرئەنجام کوردستان دابەش کرا بە دوو لەت بەشی کەمینەکەی کەوتە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی سەفەوی و زۆرینەکەشی کەوتە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا چەندین میرنشینی کوردی هەبوو کە زۆرینەیان سەرەتای دامەزراندنیان دەگەرێتەوە بۆ سەرەتا یان ناوەڕاستی سەدەی سێزدەم و تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بەردەوام بوو.

لەوانە:.

*میرنشینی بابان * سۆران * ئەردەڵان * بادینان * بۆتان. بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێ کە لەدوای کەوتنی میرنشینەکان چەندین شۆرش و ڕاپەرین سەری هەڵدا لەوانە:.

- شۆرشی میر بەدرخان ١٨٤٣ – ١٨٤٧.
- شۆرشی یەزدان شێر ١٨٥٣ – ١٨٥٦.
- شۆرشی شێخ عوبەیدوڵا ١٨٨١ – ١٨٨٢.

بەڵام ئەم شۆڕشانە دامرکێنرانەوە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی و بە یارمەتی دەوڵەتی فەرەنسی و بریتانی. دوا بەدوای ئەم بەروارە لە کاتی شۆڕشی مەشروتیە ١٩٠٨ لە ئەستانە ( ئەستەنبوڵ ) کورد رۆڵیی بەرچاوی هەبوو چەندین کۆمەڵەی کورد دامەزرا لەوانە.

١. کۆمەڵی هاریکاری بەرزیەتی کورد.

٢. کۆمەڵەی مەعاریفی کوردی.

٣. کۆمەڵەی هێڤی – هیوا.

بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٤ – ١٩١٨ لەدوای جەنگی جیهانی لە کاتی جەنگدا دەبینن وولاتە زلهێزەکان کوردستانیان لە نێوان خۆیان دابەش دەکەن لەوانە روسیای قەیسەری، بریتانیا، فەرەنسا.

١- نامەکانی نێوان سازانون و بالیولوکی.

٢- رێککەوتنی سایکس بیکۆ ١٩١٦ لەنێوان مارک سایکس و جۆرج بیکۆ.

٣- کۆنگرەی ئاشتی پاریس ١٩١٩.

٤- ڕێککەوتننامەکانی عوسمانی و کورد لە سالآنی ١٩١٢-١٩٢٠.

٥- پەیمانی سیڤەر ١٩٢٠.

٦- لائیحەی انتدابی بەریتانی ١٩٢٠

٧- دروست بوونی دەوڵەتی عێراق ١٩٢١.

٨- پەیمانی قاهیرە ١٩٢١ – ١٩٢٢.

٩- پەیمانی لۆزان ١٩٢٣ دابەش بوونی کوردستان..

١٠- کێشەی ویلایەتی موصل و دابرینی کوردستانی باشورو لکاندنی بەعێراق.

دەرئەنجام بوە هۆی سەرهەڵدانی گەلێ شۆرش و ڕاپەرین لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم.

لەوانە:

١. شۆرشی شێخ مەحمود و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لە ١٩١٨.بروسکەی سوڵتانی عوسمانی لە ٣-١٠-١٩١٨ بە حکومەتی شێخ مەحمود وەك (مەلیك) ناساندویەتی.بەریتانیا و عیراقیش لە ٤-١١-١٩٢٢ دانیان بە حوکمەتی کوردستان نا.

٢. شۆرشی شێخ سعیدی پیران.

٣. شۆرشی دەرسیم.

٤. شۆرشی سمکۆی شکاك.

ڕاپەرینی١٩٣١ – ١٩٣٣ لە باشوری کوردستان.

٥. ڕاپەڕینی ١٩٤٣لە باشوری کوردستان.

جگە لەسەرهەڵدانی گەلێ ڕێکخراوی کوردی لەوانە:

- کۆمەڵەی برایەتی لە سلێمانی.
- کۆمەڵەی دارکەر.
- حزب هیوا.
- شۆرش.
- ڕزگاری.
- پارتی دێموکراتی کوردستان.
- بەشداربوونی کورد لە حزبی شیوعی عێراق.
- هەروەها حزبی خوییون لە کوردستانی باکور لقی لە پارچەکانی تری کوردستان هەبوو.
- کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد. لە کوردستانی ڕۆژهەلات ((کاژیك)).

لە بەرامبەر ئەمەش دا دوژمنانی کورد گەلێ بەیانیان مۆر کرد لەوانە پەیمانی سەعدئاباد ١٩٣٧ کوردستانیان دابەش کرد دووبارە لە نێوان عێراق و ئێران. لەساڵی ١٩٣٩ بە هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ١٩٣٩ – ١٩٤٥

گەلێ گۆڕانی بنەڕەتی سەری هەڵدا لەوانە:

- دامەزراندنی کۆماری مهاباد کە تەمەنی لە یازدە مانگ و چەند ڕۆژێك تێپەری نەکرد.

بە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم پیلان گێران لەسەر سەرکوت کردنەوەی کورد لەوانە پەیمانی ١٩٥٥ کە تورکیا و ئێران و عێراق و بریتانیاش.

بەهاتنی شۆرشی ١٩٥٨ لەسەر دەستی عبدالکریم قاسم بۆیەکەم جار لە دەستوری کاتی عێراقی داهات دەڵێ کۆماری عێراق لە دوو نەتەوە پێکهاتووە کورد و عەرەب.

- ١٩٧٠/٣/١١ ڕێککەوتن و داننان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە ئەنجامی شۆرشی ١٩٦١
- یاسای حوکومرانی ١٩٧٥ لە لایەن حکومەتی عێراق.
- پیلانی ڕێککەوتن نامەی جەزائیر لە ١٩٧٥/٣/٦ لە لایەن نێوان عێراق و جەزائیر و ئەمریکاو ئێران بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕش و ڕژێمی بەعسی گۆڕ بەگۆڕ دەستی کرد بە ڕاگوێزکردنی دیهاتە کوردەکان. وە دووبارە سەرهەڵدانی شۆرشی کوردی و لە ساڵی ١٩٧٦.

بەردەوام بوونی تا ڕاپەرینی ١٩٩١ لەو ماوەیەدا چەندین وتوێژی ئاشکراو نهێنی ئەنجام درا لە نێوان ڕژێم و پارتە کوردیەکان ئاشکراترینیان ووتوێژی ساڵی ١٩٨٤ بوو کە ڕژێمی بەعس دانی بە مافی کورد تا ڕادەیەك نابوو بەڵام بە فشاری تورکیا ئەمیش هەڵوەشایەوە.

- سەرهەڵدانی خەباتی سیاسی و شۆرشگێری لە باکوور لە ١٩٨٤ لە ڕۆژهەڵاتیش لە ١٩٧٩.
- لە دووای ڕاپەرینی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان و دانانی ناوچەی ئارام لە لایەن هاوپەیمانان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دامەزران دووای ڕوخانی ڕژێمی سەدام دامەزراندنی پەرلەمانی عێراق و لە دەستوری عێراق مافی کورد تیایدا بەشێوەیەکی فراوان جێگیر کرا. بۆیە دەکرێ ئەم هەموو ڕووداوو پێشهات و ئەنجامانە کاری لەسەر بکرێ ڕێگاکان زۆر کورت کراونەتەوە ئەگەر ئیرادەو هەستی دروستی نەتەوەیی بخرێتە گەڕ، تا ئیستا تەنیا گەلێکی زیاتر لە چل ملیۆنی ماوە کە بێ بە دەوڵەتە و نەگەیشتۆتە ئاواتی لە مێژینەی خۆی.

## نەخشەی ڕێگا :-

**بە درووشمی ( خەباتی سیاسی، یاسایی، دیموکراسی، دیپلۆماسی )**

**دەستپێك و بەندەکان**

**هەوڵەکانی رابردوو کات کوشتن نەبوو ئەگەر سوود لەکات وەرنەگیرێ وای لێدێت کاتیش لەبەر دەست نامینێ بۆیە رۆژی ئەوە هاتووە وەك نەتەوەیەك بکەوینە خۆمان بەرنامەو پلان دابرێژین ئامانجی نەتەوەیی کەلێرەدا راگەیاندنی شیاو و بەرپرسیار رۆڵی کاریگەر دەگێڕێ**

ئەم نەخشە رێگایە تەواو کەرو درێژە پێدەری خەباتی بیروبازووی گەلی ستەمدیدەی ئازادیخواز و ڕزگاری خوازی کوردستانە، بە ئامانجی لابردنی غەدری مێژوو بەمەبەستی گەرانەوەی مافی زەوت کراوی بە ئاراستەی ئیرادەی میللی مژدە دەدات. بێ ئەوەی دژایەتی هیچ لایەنێك یان وولاتێك بکات جگە لەوەی دەیەوێ میللەتی کورد وەك میللەتانی ئەم سەر زەمینە بەسەربەستی و

مرۆڤانە بژیت.

ئەم نەخشە ریگایە پلان و بەرنامە ئاشکرا دەکات و لەژێر هیچ کاریگەریەکدا نی یە، تەنیا ئەجیندای بەرژەوەندی نەتەوەیی یە (الأمە) هیچ بەرژەوەندیەکی تری لە پشتەوە نی یە، لەسەر بنەمای ڕابردوو پەندو ئەزموون وەردەگرێ بەرەو ئایندەیەکی گەش تر و لە سۆراغی ناسنامەی زەوتکراوی گەلێکی دابەشکراودا.

ئەم نەخشە ریگایە ڕوو بە ڕووی گەل دەکرێتەوە و هەر بە ئەویش دەسپێردرێ بۆ ئەوەی ببێتە دیاریەك بۆ نەوەی نوێی نەتەوەیی، پەیامێکە دەخرێتە بەردەم ویژدانی گەلان.

ئەم نەخشە ڕێگایە سیاسەتی ئینکاری نەتەوەی کورد هەڵدەوەشێنێتەوە کار دەکات بۆ ئەوەی ئیرادەی گەلی کوردستان لە هەمبەر پیلانی قرێژی داگیرکەران بە یەکگرتووی بێتە وەڵام.

ئەم نەخشە ریگایە پشت بەڕای گشتی دەبەستێ چونکە خەڵکی کوردستان زۆرجار لە مێژوو بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٥ لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و خولی

دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەیەك کاتدا لە ڕاپرسیەکی گشتی ((ڕیفراندۆم)) بەرێژەی ٩٨٪ دەنگی بۆ سەربەخۆیی داو ئەنجامی ئەم ڕاپرسیە لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردستان وەك دیکۆمێنت و ڕای گەلی کوردستان ڕەوانەی (UN) کرا هەروەها ناساندی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە جینۆساید دەرگایەکی ترە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی نەتەوەیی بە پێی کارنامەی (UN) بەندی (١) و (٥٥) بە پێی بڕیاری ژمارە ١٥١٤ ساڵی ١٩٦٠، بڕیارەکانی(٢١٠٥،٢٦٢٥،٣٠٧٠) ساڵی ١٩٦٥، ١٩٧٠، ١٩٧٣.

بۆیە هێنانە گۆڕێ ی ئەم نەخشە ڕێگایە هەوانتە و لە خۆرا نی یە، ئەگەر لە وولاتێکی پێشکەوتوو دێموکراتی ڕاستەقینە ئەم ڕاپرسیەی لێ بکرایە مسۆگەر سەربەخۆیی دروست بوونی دەوڵەتێکی لێ دەکەوتەوە .

ئەمە دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە ویستی ڕای گشتی ئەوە دەردەخات بۆ هیچ کەس و لایەنێکی ناوەخۆو دەرەوەش مافی نی یە و نابێ هەق بە خۆی بدات و دەسەڵاتی نی یە خۆی بکاتە نوێنەری گەل جیاواز لەو

ئاواتە ڕەوایە.

ئـەم نەخشـە رێگایـە لـەوە دەگـات ئەگـەر بێـت و هـەر پارچەیەكی كوردستانی گەورە یەك لـەو مافانـە بەدەست بێنیّ وەكو (ئۆتۆنۆمی، فیدرالی، كۆنفیدرالی) بەدەسكەوت دەزانـیّ و بـە قۆنـاغێكی پێشـكەوتوو دەژمێـردریّ بـۆ ئامـانجی ئـەم نەخشـە رێگایـە كـە پـەیرەوكردنی مـافی دێمـوكراتی و شارسـتانی یـە لـە جیهـانی ئـەمڕۆ لـە چـوار چـێوەی یەكسـانی ی و مـافی گـەلان و مـافی چـارەی خۆنوسـین و مـافی مـرۆڤ و ئاشـتی و داد پەروەریـدا كـە هەموو لایەك چ لـە ڕووی پاپەنـدی ئـەخلاقی یـان یاسـایی یان سیاسی مۆری كردووە.

ئـەم نەخشـە رێگایـە لـە سـۆراغی خـاوەنی رێكـەوتن كـە خۆیان ئیمزایان كردبوو ئێسـتاش پابەنـدنین دەرهـەق بـە گەلێكی چل ملیۆنی وەك كوردو نیشتیمانێكی دابەش كراو وەك كوردستان.

ئـەم نەخشـە رێگایـە هـەر هـەموو بابەتـەكانی تەواوكـەری یەكترن لە یەك جیا ناكرینەوە پێكـەوە ئامـانج و پـەیامێك دەگەیەنن ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی

# بەشی یەکەم:

# بنەما سەرەکیەکان

## بەندی یەکەم:

گێرانــەوەی متمانــەو لێبــووردەیی پەیوەســت بــوون بــە نیشتیمان و دادپەروەری و یەکخستنەوەی ماڵی کـورد لـە ڕێگەی دروست کردنی ئاشتی کۆمەلایـەتی، ئاشـتبوونەوە و ئارامی و دیموکراسی ووریا بوونەوە بەهۆش هێنانـەوەی گەل کارکردن لەسـەر وەرگرتنــی بڕیـاری ڕای گشـتی نـەك تەنیا بڕیاری سیاسیەکان، مسۆگەرکردنی سەرکردایەتیەك کەواز لە بەرژەوەنیە تایبەتیەکانی خۆی بێنێت و دوور لـە قورخکردن و پاوانکردن، وەك باوکی کورد تێبکۆشـێت بـۆ هێنانە کایەی یەك دیـدو بۆچـون لەسـەر ئەجینـدای مـافی میللەتەکەی بەڕەفتاری دیموکراتیانەی پشوو درێژی.

## بەندی دووەم :

مـاوەی بەرنامەکـە کـراوە بێـت ئەگـەر بارودۆخەکـە وەك ئێستا بەرەو پێش بچێ ( ئەزموونی باشـووری کوردسـتان + خەباتی باکوور و رۆژ هەلات و رۆژ ئـاوا+ هـەڵی لـەبار+

شــنەبای دیمــوکراتی + وەرگرتنــی تورکیــا لــە یــەکێتی ئەوروپا + پرۆژەی خۆرهەلاتی ناوەراست ی نویێ.ماوەکـە درێژخایەن نابێت

## بەندی سێ یەم :

دەوڵەتی کوردی مەرج نیە لە هەر چوارپارچەکە پێك بێـت بەڵکو بە گوێرەی هەلێ و مەرج لە هەرپارچەیەك بێت هـەر ئامانج ( قەوارەکەیە ) قۆناغ بە قۆناغ کاری لەسەر بکرێ.

## بەندی چوارەم:

داننان بە مافی نەتەوەکانی تر لە چوارچـێوەی قەوارەکـە بەگوێرەی ڕای خەڵك و سندوقەکانی دەنگدان و هەڵبژاردن و مـافی چـارەی خـۆ نووسـین کـە لـە دەسـتوور جـێگیر بکرێت.

## بەندی پێنچەم :

چـــەکی ســـەرەکی نەخشـــەکە لـــە ڕێگـــەی خـــەباتی شارستانیانەو ئاشتی ی و بنـەماکانی مـافی گـەلان، کـورد ببێ بە بەشێك لە ڕەوشی سەقامگیری و نا سەقامگیری لە سیاســەت و بەرژەوەنــدی ناوچــەکە.پرســەکە بکــرێ بەنێودەوڵەتی.

## بەندی شەشەم :

بۆ شەرعیەت دان لە رووی سیاسی و یاسایی و هێنانەوە گۆرێی ئەو رێککەوتن و پەیمانانەو ئەو دەرفەتانەی سەبارەت بە کێشەی کورد مۆرکراوە یان ڕەخساوە کە لەسەرەوە باس کراون وەك: ( میدیەکان، دەوڵەت و میر نشینەکان، صلاح الدین ئەیوبی، سیڤەر، حکومەتی شێخ محمودی حەفید، کۆماری کوردستان مهاباد، رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، یاسایی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ١٩٧٥ لەگەڵ وتوو وێژەکانی ١٩٨٤، ١٩٩١ ڕاپەڕین و جینۆساید و...هتد ) سەبارەت بە کێشەی کورد.

## بەندی حەوتەم :

دوورکەوتنەوە لە فرۆشتنی زەوی ی و زارو خانووبەرە بۆ داگیرکەران و نەتەوەکانی تر.

## بەندی هەشتەم :

گرنکی دان بە بواری کشت وکاڵ، پیشەسازی، کارگەدانان، گەشتیاری، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان ئەو کارە تاکی کورد پەیوەست بە خاکەکەی دەکات.

## بەندی نۆیەم :

دامەزراندنی هۆکارەکانی پەرەپێدانی ئابووری کوردستان بە هاندانی سەرمایەدارانی کوردستان گەشەسەندنی بازاری هاوبەش، دەرخستنی رۆڵی ئەکادیمیایی لەسەر خستنی ژێرخان و سەرخانی کوردستان و بنەبڕ کردنی گەندەلی.

## ماددەی دەیەم :

گواستنەوەی کۆمەلگە لە شێوەی سستی بۆ چالاکی بۆ بەهێزکردنی هەستی پەیوەستبوون بە نەتەوە و نیشتمان لە ڕێگەی پرۆسەیەکی هەمیشەی پەروەردە و گێڕانی رۆڵی میدیاکان لەم پێناوەدا، گەڕانەوەی متمانە و دروستکردنەوەی کەسیەتی تاکی کورد.لە کات و شوینی خۆی بلی ئا یان نا.

## بەندی یازدەم :

پشت بەستن بە بەروبومەکانی خۆماڵی ی و جل و بەرگ و پێداویستیەکانی تر لە بڕی ئەوەی لە دەرەوە بێتە کوردستان ئەمە پرۆژەی میللەتە هەرتاکێك پێویستە پاشەکەوت ( دەخیلە ) لە مالەوە دابنیٚ بۆ پشتگیری.

## بەندی دوازدەم:

لۆیی کوردی دابمەزرێ و پێگەی کورد بەهێز بکرێ لە دەرەوەی کوردستان کەناڵی پەیوەندی دروست بکرێ لە گەڵ جیهانی دەرەوە بۆ پەیداکردنی دۆست و تێگەیاندنی لە مەسەلە ڕەواکان لە ناوەندە گرنکە نێودەوڵەتی و بوونی کورد لە ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکاندا وەك (پەرلەمان، UN، ڕێکخراوەکان) لە ڕێگەی خەباتی دیبلۆماسی و کاراکردنی.

## بەندی سێزدەم:

باشووری کوردستان دەتوانێ ئەگەر زیرەکانەو وورییایانە بەرنامە دابنێ بۆ سەرکەوتنی ئەم بەرنامە ستراتیژیە، سەرەرای پارچەکانی تری کوردستان کە هەریەکە بە سیاسەتێکی ئەوتۆ کاربکەن بە ئاستی کاریگەرانە بە قازانجی ئەو بەرنامەیە بگەڕێتەوە ئەویش لە ڕێگەی بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەی بۆ دانانی پلانی ستراتیژی و تەکتیکی بۆ ئەجێندای پرسی کورد لەڕێگەی پێك هێنانی ئەنجوومەنێگی یاسایی و سیاسی و ئەنجوومەنێگی بەدواداچوون و جێبەجێکردن بە

ڕەچاوکردنی سنووری ئاڵۆز و دەستکردی کوردستان و دابەشکردنی بەسەر چوار دەوڵەتدا.

## بەندی چواردەم:

ڕۆشنبیرکردنی گەنج و لاوان بۆ ئەم بەرنامەیە ئاراستە بکرێن بە ئامەدەکردنی هزر و بیر کردنەوەیان بۆ ئەوەی نەوەیەکی خاوەن ئیرادە بێتە کایەوە.ئەمە بە پڕجەککردنیان بە زانست و زانیاری

## بەندی پازدەم:

کورد فێر بکریَ لە مەودووا لە هەر خاك وشوێنێك بوو لەسەر مەسەلە چارەنوس سازەکانی بێتە وەڵام بە ماددی و مەعنەوی ئەمە ببێتە ئەرکێگی نەتەوەیی و تاکی کورد بەمە ئاراستە بکرێت.

## بەندی شازدەم:

قۆستنەوەی کارەسات و نەهامەتیەکانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی جینوساید کە لەلایەن رژێمە شۆڤینیەکان دەرهەقی کراوە هەولَ بدریَ ڕۆژێك دابنریَ لە سەرتا سەری جیهان یادی بکرێتەوە چالاکی پێشکەش بکرێت بۆ ڕای گشتی و سەلماندنی زۆر لێکراوی کورد.

# بەشی دووەم:

# پەند وەرگرتن

## بەندی حەڤدەم:

سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی خۆمان لە ڕابردوو کە بووەتە هۆی ئەوەی خۆمان قوربانی ( ضحیە )ی خۆمانین و بەشێکین لە دروستکردنی ئەم نەهامەتیانە.

**برگەی ١.** ئیتیکالیانە رەفتار نەکرێ لە رووی سیاسی، ئابووری، سەربازی.

**برگەی ٢.** لە هەڵبژاردنی دۆست و ناسینی نەیارەکاندا، نابەڵەد نەبین.

**برگەی ٣.** دووای رووداوەکان هەڵوێست وەرگرتن سوودێکی نابێ.

**برگەی ٤.** کەمتەرخەمین تا دووژمن دەگاتە بەر دەرگامان.

**برگەی ٥.** لە ووت و وێژدا ( یان هەمووم دەوێ یان هیچ

) ئەمە کارتێکی دۆڕاوە نا ڕێك و نا پەسندەو زیان بەخشە چونکە وای لێدێت هەر لە دەوری خۆمان دەخولێینەوە یان تەسك تر دەبێتەوە دەست کەوتی تریش لە دەست دەچێ.

**برگەی ٦.** لە بری پاراستنی دەستکەوتەکان کەچی بەدوای دەستکەوتی تایبەتی دا دەگەڕێن یان کێشەی تر دروست دەکرێ.

**برگەی ٧.** وون بوونی بەرپرسیاریی و لێپێچینەوە بەرامبەر چارەسەری کەم و کوڕی و ناتەواوی ی و کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی کۆمەڵگەوە هەیە بەکورتی بەرپرسان لە ( برج العاج) خەڵکی بە بچووکی دەبینن یان هەست ناکەن بەرپرسیاریەتیان هەبێ سەرەرای لاوازی هەستی بەرپرسیاری لە تاکی کورددا.

# بەشی سێیەم:

# ئاستەنگەكان

## بەندی هەژدەم :

**برگــەی ١.** كوردسـتان چارەنووسـی بەسـتراوەتەوە بـە ناوچەیەكی گەرمی پڕ لە ئاژاوەو دژایەتی و مەیدانی شەڕو شـۆڕو هەرهـەنگاوێك ئەگـەر بچێتە پـێش لەوانەیـە چـەند هەنگاوی تر بگەڕێتەوە دوواوە بەڕێز ئیسـماعیل بێشـكجی دەڵێ ( كورد مستەعمەرەیەكی نێودەوڵەتیە).

**برگـــەی ٢.** هەمیشــە كــورد خــۆی گونجانــدوە لەگــەڵ بەرژەوەندی گەڵ و وولاّتـانی تـر، كەچـی ئـەو وولاّتانـەش هەتا كارێكیان پێ ی هەیە دواتر پشتی تێدەكەن.

**برگەی ٣.** پەیوەندیەكانی دەرەوەی بە شـێوازی فـەرمی نەبووە لەگەڵ دەزگا شارستانی ی و نێودەوڵەتیەكان .

**برگەی ٤.** نەیارەكان لـە هەرچـوار دەورەی كوردسـتانن، ئەگەر لەداوی یەكێك رزگـاری بێـت ئـەوا دەكەوێتـە داوی یــەكێكی تریــان، وەكــو ئــەوەی لــە دووای ڕاپــەرین لــە باشــووری كوردســـتان كۆبوونـــەوەكانی ئـــەو دەوڵەتانـــە دەبەســـترێ كاتێـــك پیلانـــەكانیان ســـەربگرێ ئـــەوە

وەکالەتەکە دەدەنە لایـەنێکی کـوردی بـۆ ئـەوەی شـەری براکوژی لە ئەسـتۆ بگـرێ بـۆ وەڵام دانـەوەی ئـەم پیلانـە چوار قۆڵیانە پلانی کۆبوونەوەی چـوار بەشـی کوردسـتان وەك وەڵام دانەوەیەك بێ.

**برگـــەی ٥**. ئـازادی خـۆی لـە ئـازادی گـەل و وولاتـی تـر دەبینێتەوە.

**برگەی ٦**. حەز بە بێگانـە پـەرستی دەکـا بۆیـە لـەکاتی هەبوونی دەسەڵاتێکی کوردی سەرەنجام ئەگەر دوژمن لـە ناوی نەبات خۆیان ئەو کارە لـە ئەسـتۆ دەگـرن مێـژووش شایەدی زۆری لە هەگبەدایە یان کاتی خۆی کـەریم خـانی زەند ئەم حەقەی بەخۆی نەدەدا بلـێ شاهەنشـام کـەجی ناوی لەخۆی نابوو ( وکیل الرعایە ).

**برگـــەی ٧**. سـەر لـێ شـێواوی ی و نـەبوونی توانـای ئیـدارەدان چ بــە شــۆرش ی چ بــە ئیـدارەی حکومــەت، چەواشـە کردنـی رۆڵـەکانی ئـەم گەلـە لەسـەر مەسـەلە چـارەنووس سـازەکان واتــە نـەبوونی شـەفافیەت، بۆیـە گوناهـــەکان کەلەکـــە بـــوون و ئێســـتاش بەربەســـتێکی گەورەیە، بەگشتی کـورد لـە هـەلس و کـەوت و بریـاردان وریایانە کار ناکات.

## بەندی بیستەم :

ئەم بەرنامەیە وەك خوێن چۆن لەناو دەمارەکانی لەشی مرۆڤـ دێت و دەچێ بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ ئەم بەرنامەیەش بەم شێوەیە بێ نابێ لێ ی وەرس بین، ڕەنگە کاریگەریەکەی درەنگ هەست پێ بکرێ بەڵام ڕێگەی هەزار میل بە هەنگاوێك دەست پێ دەکات.

## بەندی بیست و یەك :

جگە لە ویژدان، کێ سەرپەرشتی دەکا، کێ میکانیزمی کارەکان دادەنێ، کێ یە بەدووا داچوونی بۆ دەکا، ئەمە کارێکی پیرۆزە تەنیا ویژدان دەتوانێ بەرەو ئامانجی بەرێ، نە پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان چ وەك گەل چ وەك حکومەت ( هەرێمی و جیهانی ).

**بەندی بیست و دوو :** ڕاستە لە ڕێگەی چەندین پەیمان نامە و ڕێك کەوتن لە دەرەوەی ئیرادەی گەلی کورد خاکەکەی دابەش کراوە مخابن بە دەستی خۆشمان لە ڕێگەی ڕکابەری حزبە سیاسیەکان میللەتەکەشی دابەش کراوە ئەم دابەش کردنانەش ڕێگرن لە بەردەم ڕێگەی ئازادی.

## بەشی چوارەم:

**ئامادەکاری بۆ چەند بنەمایەکی هەستیارو چارەنووس ساز مەرجی پشت بەستن بەهێز و توانای گەل لەگەڵ مەرجی هەبوونی پشتگیری نێودەوڵەتی یان دەوڵەتێك یان گروپێکی کاریگەر لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی.**

## بەندی بیست و سێ :

سنوور و نەخشەی کوردستان.

## بەندی بیست و چوار:

ئالآی کوردستان و سروودی نیشتیمانی.

## بەندی بیست و پێنچ :

زمانی یەککگرتووی نوسین ( فەرمی + پەروەردە )

٢٠١٠/١/٢٢

هەولێر/ باشووری کوردستان

پرۆفایل:

- لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٠ هەولێر.
- ئەندامی خوولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.
- لەکۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە ٢٠٠٨ بەسەرۆکی ئەو یەکێتیە هەڵبژێردرا.
- ئێستا ج. سەرۆکی یەکێتی پەرلەمنتارانی کوردستان.

# بڵاوکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ژمارە / ١ : کتێبی هەڵەبجە و پەرلەمان

ژمارە / ٢ : کتێبی کار و چالاکیەکانی یەکێتی پەرلـەمانتاران تا ٢٠٠٨/١٢/٣١

ژمارە / ٣ : کتێبی پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق

ژمارە / ٤ : دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر

ژمارە / ٥ : کتێبی ئیدارەی گشتی و چەمك و ریفۆرم

ژمارە / ٦: کارو چالاکییەکانی (KPU) ساڵی ٢٠٠٩